# سوحبه ت ، درۆ

نووسه ر : یه لماز گۆنه ی
وه رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف
Renas caf@yahoo.com

مندالٚ تازه فێر ببوو ناوی خۆی بنووسێ، باوک که پڕ به و کاره ی منالٚه که ی خۆشحالٚ و خه نی بوو، وتی : ته ره سی کوڕی ته ره س ...چه نده زوو فێر بووه ناوی خۆی بنووسێ. خۆشحالٚییه که ی باوک ، کاری کرده سه ر کوڕه ش و نووسی :
" ده رکه"
" مێز
" قوتابخانه کرایه وه "
باوک وتی : ته ره س باوک چه نده وریایه . دلٚنیام ڕۆژێ بۆ خۆی ، که سێکی لێ ده رئه چێ. مندالٚ له ژماره ی یه ک هه تا ده شی ده نووسی.
باوک که خۆشحالٚیه که ی له ڕاده به ده ر بوو، به ده نگی به رز وتی : حیز باب...
قورمساخ تازه ژمارانیشم بۆ ده نووسێ!
مندالٚ ئه و چه ن وێنه ی که به چه ن هێلٚێکی ساده و ساکار له نێو ده فته ر و تێنووسه که یدا کێشابوونی، پیشانی باوکی دا؛ ڕیزه مالٚ ... دار و دره خت... و هه تاوێک که چاو و برۆی هه بوو و پێده که نی، باوک که ته واو شاگه شکه ببوو، وتی : ئێستێ منیش بۆ کوڕی خۆم، نیگار و وێنه یێک ده کێشم.
ڕاس له نێوه ڕاستی ده فته ر و تێنووسی نیگارکێشی و وێنه کێشی کوڕه دا به مه ره که ب و قه لٚه مێکی سه وز داریکی پڕ گه لاٚی بۆ کێشا و به قه لٚه می سوور و زه ردیش، چرۆ و شکۆفه ی بۆ دانا و به سه ر چلٚ و پۆپی داره که شه وه، په له وه ری تووک نه رمنی نارنجی و سوور و به نه وشی بۆکێشا.
مندالٚ وتی : باوکه ئه م داره ناوی چییه؟ باوک وتی : ده ته وێ ناوی چبێ... ئیدی داره!...
ده باشه ، ئه ی ئه م که لٚه شێرانه له به ر چی له و سه ره وه ن؟
که لٚه شێر؟ کامه که لٚه شێر؟ !... کوڕم خۆ ئه مانه که لٚه شێرنین، په له وه رن.
په له وه ر ؟ ... نێوی چییه ؟
باوک ناوێکی ده س نه که وت له سه ر په له وه ره که ی دانێ، دایک ده رفه تی له وه زێتری به وان نه دا و په ڕییه نێو قسه کانیان و وتی : کوڕم ! ئه مانه په له وه ری باوکتن.
ڕۆژان به سه ر ئه و ڕووداوه دا تێپه ڕین. ڕۆژێ له ڕۆژان منالٚ که بۆ قوتابخانه ده چوو، ڕووداوێکی سه یری به چاوی خۆ دیت: ژن و پیاوێک خڕ ببوونه وه و منالٚ پێخواس یه ک بین ده گریا، کابرایێکی چه قۆ تێژ که ر و پیاوێکی ژێر شه والٚ له پێ ، پێکه وه ده مه قره یان بوو.کابرای گۆشتن و قه لٚه و ئه یوت : قسه م هه ر یه ک قسه یه... هه ر ئه وه ی که وتم و به س... دیسان پێت ده لێم ئه تۆ کابرایێکی سه گ بابی قورمساخی.
کابرای چه قۆ تیژکه ر ، که له تووڕه ییاندا چه ناکه ی هه لٚده له رزی و ره نگی ڕوخساری ته واو چه رموو هه لگه ڕابوو، ئه یوت : قسه که ت زۆر ناشیرینه، وا مه لێ، واز بێنه...
هیچ په ژیوان نیم و پڕ به پێستی تۆشه.

کابرای چه قۆ تیژ که ر  وتی : ئاخر کوا من بێ ناموسم، من بژیوی  و ڕسق و
 ڕۆزی ژیانم به ئاره قه ی نێو چاوانم، ده س ده خه م....باش بزانه گه ر له م
نێوانه شدا کابرایێکی  بێ ناموسێش هه بێت، ئه وه تۆ ی نه ک من.
کابرای بیجامه پۆش، قه ڵس و تووڕه هه ڵمه تی برده سه ر کابرای چه قۆ تیژ که ر.
چه ن که سێ پێشیان پێ گرت...
کابرای قه ڵه و له حاڵێکدا ده ستی به نیشانه ی هه ڕه شه ڕائه ته کاند ، ئه یوت :
قه حبه باب ... ئه زانی من کێم ؟
 هه ر تره ماشێکی ببه ، ئه تۆ چ حه قت هه یه به من بڵێی بێ ناموس، بێ ناموس
بۆ خۆتی، قه حبه بابیش خۆتی.
تاقمێ که وتنه نێو گژی کردن و ئه یانگوت : " کوره به سیه تی ته ریق بنه وه" ،
 " بیبڕنه وه شوره ییه ، " زۆر عه یبه" ،  به ڵام هیچ کامه له و قسانه نه چوو
به گوێیاندا و ئاخیرییه که ی ده سه و یه خه ، بوون و چوون به گژ یه کتردا.
کابرای چه قۆ تیژ که ر کارێکی کرد ، قه ت لێی چاوه ڕوانی نه ده کرا،
دوارد و مه قه ستێکی  ژه نگن که ده یه ویست تیژی بکاته وه ،هه تا زۆر ی بوو
کردی به  ورگی کابرای بیجامه پۆشدا و ده م و ده س کابرا خه ڵتانی خوێن بوو .
منداڵ که ئه وه ی به لاوه زۆر سه یر بوو؛ به ترس و له رزێکه وه  خێرا ئه و ناوه ی
جێهێشت و له حاڵێکدا به ره و قوتابخانه ،بۆی هه ڵده هات ، لای خۆ بیری ده کرده وه
" باشه کابرای چه قۆتیژ که ر  له به ر چی کاورای بیجامه له پێی ، به و ده رده برد؟"
ڕه نگه له به ر ئه وه ی بوو بێ  که پێی وتبوو بێ ناموس، قه حبه باب. ئه ی باشه
ئه مانه خراپن  باوکم بۆچ دایمه وام پێ  ئه ڵێ و هه میشه پێم ئێژێ  بێ ناموس،
که ر کوڕ، قه حبه باب..."
بۆ پرسیاره که ی ، وه رامێکی ده س نه که وت.
له نێو پۆله که یدا ده سی هه ڵبڕی  و وتی :  مامۆستا !
مامۆستا  وتی : چییه ؟ بێژه بزانم .
منداڵ هه ستایه سه ر پێ  و وتی : مامۆستا ! قوڕمساخ یانێ چی ؟
هاو پۆله کانی هه موو ده سیان کرد به تریق و هوڕ و پێکه نین، مامۆستا که
چاوه ڕوانی  پرسیاری  وای نه ده کرد  و بۆ وه رامدانه وه  زۆر درڕدۆنگ و ڕاڕابوو،
له کوره ی پرسی : بۆچی ئه م پرسیاره ت کرد؟
منداڵ وتی : باوکم ...دایمه پێم ئه ڵێ قوڕمساخ .
مناڵ هه موو به یه ک ده نگ ده سیان کرد به پێکه نین، مامۆستاش  که پێکه نین
زۆری بۆ هێنابوو، به کوره ی  وت : باوکت ئه وه نده ی خۆشی ده وێی، وات
پێ ده ڵێ .
ئه ی باشه بۆچی پێم ئێژێ بێ ناموس؟
باوکت ئه مه شت پێ ئه ڵێ ؟
ئه رێ مامۆستا!
مامۆستا وتی :  سوحبه تت له گه ڵ  ئه کا ، دیاره زۆر ئه تۆی خۆش ده وێ.
کاتێ مامۆستا ئه و ه ی به کوره وت ، کچه ی مێرمناڵ که له لاده ستی کوره وه
دانیشتبوو ، سه ری برده لای گوێچکه ی کوره و به چرپه به گوێیدا چپاندی
" هه ی قوڕمساخی  بێ ناموس ! "

وه رگێڕ بۆ  فارسی :  دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت
سوحبه ت : شۆخی، گاڵته
دوارد: ووشه یێکی هه ورامییه یانێ مقه ست